ترەمپ: لوبنان بەشێك نییە لە ڕێککەوتنی ئاگربەست لەگەڵ ئێران

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێت، بەهۆی حزبوڵڵاوە، لوبنان بەشێك نییە لە ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان وڵاتەکەی و ئێران.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ئەمڕۆ چوارشەممە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پەیامنێری پی بی سی نیوز، وەڵامی چەند پرسێکی لەبارەی بەردەوامیی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان داوەتەوە.

پەیامنێرەکە لێی پرسیوە کە ئایا بینیویەتی کە هێشتا هێرش دەکرێتە سەر لوبنان، ترەمپ وتویەتی "بەڵێ، ئەوان نەخرابونە ناو ڕێککەوتنەکەوە".

لەبارەی ئەوەی کە بۆچی لوبنان نەخراوەتە نێو ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەوە، ترەمپ

وتویەتی "بەهۆی حزبوڵڵاوە. ئەوان نەخرانە ناو ڕێککەوتنەکەوە. ئەوەش چارەسەر دەکرێت. ئاساییە."

هەروەها لەبارەی ئەوەی کە ئایا کێشەی نییە لەوەی ئیسرائیلییەکان بەردەوام بن لە لێدانی لوبنان، ترەمپ وتویەتی، "ئەوە پێکدادانێکی جیاوازە."

کاتێك پەیامنێرەکە پرسیاری ئەوەی لە ترەمپ کردووە کە ئایا پەشیمانە لەو پۆستەی "تروس سۆشیاڵ" کردی و تێیدا باسی لەناوبردنی شارستانییەتێکی کرد، ترەمپ تەلەفۆنەکەی بەسەردا داخستۆتەوە.